# کارو چالاکییەکانی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان – عێراق

## ٢٠١٩-٢٠٢٠



# لیژنەی کاروباری پێشمەرگە

| ژ | ناو | ئەندامی لیژنەی |
|---|---|---|
| ١ | ڕێڤینگ محمد هرۆری | سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ٢ | عثمان کریم سێدەری | جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ٣ | رزگار محمد نەگڕەیی | بڕیاردەری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ٤ | جمال حوێز هەرۆتی | ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ٥ | ابوبکر عمر هەڵەدنی | ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ٦ | حکمت محمد عبوزید | ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ٧ | با پیر کامەلا | ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ٨ | بژار خالد عبدالله | ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ٩ | سەعید هەرکی | ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ١٠ | بالانبۆ محمد کۆکۆیی | ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ١١ | سەروان محمد هەرکی | ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ١٢ | د. وەعدی مزوری | ڕاوێژکاری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ١٣ | د. سەردار حسین | ڕاوێژکاری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |
| ١٤ | اسکندر غریب سلێمان | سکرتێری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە |




## كارو چالاكييەكانى ليژنەى كاروبارى پێشمەرگە لە پەرلەمانى كوردستان

## ٢٠١٩-٢٠٢٠

ليژنەى پێشمەرگە ئەم بڵاوكراوەيە بە چاپ دەگەيێنێت بەمەبەستى بە ئەرشيف كردنى كار و چالاكييەكانى لەماوەى رابردوودا، **بە پێى ماددى ٣٠ برگەى چوارەم لە پەيرەوى ناوخۆ، (بڕيارەكانى ليژنە بە زۆرينەى دەنگى ئامادەبووان دەدرێت)، هەربۆيە** رۆژى سێشەممە ٨/١٢/٢٠٢٠، ليژنەى كاروبارى پێشمەرگە، بەسەرۆكايەتيى رێڤينگ هرورى سەرۆكى ليژنەو ئامادەبوونى جێگرى سەرۆكى لێژنەو بڕياردەرى ليژنە و ئەندامان و راوێژكارى ليژنەكە، كۆبوونەوەى ئاسايى خۆى ئەنجامدا.

**لە كۆبوونەوەكەدا لەلايەن سەرجەم ئەندامان بڕياردرا بە چاپ كردن و بڵاوكردنەوەى ئەم بڵاوكراوەيە، ئەمە بۆ يەكەمين جارە كە لە مێژووى كارو چالاكييەكانى ليژنە هەميشەييەكانى پەرلەمان ئەنجام دەدرێت.**

ئەم بڵاوكراوەيە نێزيكەى سەد كار و چالاكى لە خۆ دەگرێت كە لەماوەى رابردوو دا لێژنە ئەنجامى داوە، ئەم بڵاوكراوەيە سەرجەم كۆبوونەوە و سەردان و بەدواداچوون و پێشوازيى و بانگهێشتەكان لە خۆدەكرێت، هەروەها ئامانج و بابەتى سەرەكى گفتوگۆى كۆبوونەوەكان و ئامانجى بەدواداچوون و سەردانەكان تێدا باس كراوە، مەبەست لەمە بۆ زياتر بەرچاوروونى و هەبوونى دۆكيۆمێنت و ئەرشيفێكى باش كە بەشێوەى (وێنە و نووسراو) لەبەردەست بێت بۆ ئێستا و داهاتوو.

**هەر لەسەر كارو چالاكييەكان لە ساڵى ٢٠١٩ نێزيكەى ٢٢٠ نووسراو و لە ساڵى ٢٠٢٠ نيێزيكەى ٦٠ نووسراو لە لايەن سەرۆكايەتى پەرلەمانەوە ئاراستەى ليژنەكەمان كراوە، هەروەها لە ساڵى ٢٠١٩ ليژنەكەمان نێزكەى ٩٥ نووسراو و لە ساڵى ٢٠٢٠ نێزيكەى ٥٥ نووسراوى ئاراستەى سەرۆكايەتى پەرلەمان كردووە كە زۆربەيان تايبەت بوون بە داواكارى و كێشە و گرفتى هێزەكانى پێشمەرگە.**

**هەر لەسەر كارو چالاكييەكان ليژنەى پێشمەرگە زۆربەى كارو چالاكييەكانى بە ئامادەبوونى زۆربەى ئەندامانى ليژنە ئەنجام داوە و و هەوڵى داوە زۆربەى ئەندامان بە فراكسيۆنە جياوازەكان تێدا بەشدار بن لە سەردان و بەدواداچوونەكاندا، بۆ ئەوەى بتوانرێت بە باشترين شێوە خزمەت بكرێت.**

# دەستبەکاربوونی بەڕێز (ڕێڤینگ هرۆری) وەك سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان

بەمەبەستی ئالوگۆڕکردن لەپۆستی سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان، یەکشەممە ٢٠١٩/٧/٧، بەسەرپەرشتیی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کورستان و منى نبى قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان و ئامادەبوونی بژار کۆچەر سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئالوگۆڕ لە پۆستی سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان کرا. لە کۆبوونەوەکەدا کە لە هۆڵی لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان بەڕێوەچوو، لەشوێنی پەرلەمانتار عبدالله حاجی محمود، پەرلەمانتار ڕیڤینگ محمد هروری، بەکۆی دەنگی ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان بۆ سەرۆکی لیژنەکە هەڵبژێردر

لەلایەن خۆیەوە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سوپاسی عبدالله حاجی مەحمود-ی کرد کە لەماوەی ڕابردوودا وەکو سەرۆکی لیژنەی ناوبراو توانیویەتی بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە کارەکان ڕابپەڕێنێت، هاوکات هیوای سەرکەوتنی بۆ سەرۆکی نوێی لیژنەکە خواست.



# لیژنەی کاروباری پێشمەرگە راپۆرتی هاوبەش لەسەر پێشنیازی هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئامادە دەکات

بەمەبەستی نوسینەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بەپێشنیازی هەمواری یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کورستان-عێراق، کە تایبەتە بەئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و لەدانیشتنی ئاسایی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، سەعات ١٢ی نیوەڕۆی شەممە ڕێکەوتی ٦ی تەمووزی ٢٠١٩، هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان بە سەرپەرشتیی بژار کۆچەر، سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی و ڕیڤینگ محمد هروری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان و ئامادەبوونی جێگر و بڕیاردەر و ئەندامان و ڕاوێژکارانی هەردوو لیژنەکە کۆبوونەوە. لەکۆبوونەوە هاوبەشەکەدا کە لەهۆڵی لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کورستان بەڕێوەچوو، تاووتوێی پێشنیازی هەمواری یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ ی هەرێمی کوردستان - عێراق، کرا بەمەبەستی نوسینەوەی ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەو ئاراستەکردنی بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کورستان کەبڕیاروایە سبەی یەکشەممە ٧ی تەمووزی ٢٠١٩ لەدانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت و لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی کورستانەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت





## کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی هەر سێ پارێزگای کوردستان بۆ هەمواری یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان









**رۆژی پێنج شەممە بەرواری ٢٠١٩/٧/٤، بەڕێزان عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنە و بەڕێز باڵانبۆ کۆکۆیی ئەندامی** لیژنەی پێشمەرگەو و ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی کۆلێژی قەڵاچوالانیان کرد بۆ لای بەڕێز لیوا بکر فەرماندەی مەشقی قەڵاچوالان و پاشان سەردانی هێزەکانی پشتیوانی دوویان کرد بۆ لای بەڕێز لیوا مەریوان،، **هەروەها هەندێ دام و دەزگای تر،** ئامانج لە سەردانەکان بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوونە کێشەو گرفتەکانی هێزەکانی پێشمەرگەو ناخۆ و ئاسایش و چارەسەرکردنیان.



## لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا

لە **بەرواری** ٢٠١٩/٧/١١ لێژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان بە سەرپەرشتی ڕیڤینگ هروری سەرۆکی لێژنە وبە ئامادبوونی جێگری سەرۆکی لێژنە و بڕیاردەر و ئەندامانی لێژنەکە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان ئەنجامدا .لە کۆبوونەوەکەدا کە لە هۆڵی لێژنە بەڕێوەچوو سەرجەم نامە هاتوو ڕۆشتووەکان گفتوگۆیان لەبارەوە کراو کۆمەڵێک پلان بۆ کاری داهاتووی لێژنەکە خرایە ڕوو، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەش بڕیاریاندا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە ڕاپۆرتێک ئاگادار بکەنەوە.



**کۆبوونەوەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆك و سکرتێری لیژنە هەمیشەییەکان لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی زانیاری لەسەر پرۆژە یاساکان و چۆنیەتی کارکردنی پرۆفیشیۆنالانە٢٠١٩/٤/١٦**





**کۆبوونەوەی سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە گەڵ رێکخراوێکی مەدەنی بۆ گوێگرتن لە پێشنیارەکانیان لەسەرکردنەوەی خول بۆ هێزەکانی پێشمەرگە ٢٠١٩/٨/٨**

**کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری وەزارەتی ناوخۆ لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٧، لەسەر بابەتی خانەنشینی**






**بەشداری دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئە نجومەنە خۆجیێ**
**بیەکان لە هولی پەرلەمان لەسەر هەمواری یاسای ئەنجۆمەنی پارێزگاکان**

**لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا: بەمەبەستی خوێندنەوە و تاوتوێکردنی ئەو نووسراوانەی ئاراستەیان کرابوو، کاتژمێر ١٠ ی سەرلەبەیانی ٢٠ی ئابی ٢٠١٩ لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان بە سەرپەرشتی رێڤینگ هروری سەرۆکی لێژنە و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە و بڕیاردەر و ئەندامانی لیژنەکە کۆبوونەوە.**
**لەم کۆبوونەوەکەدا سەرجەم ئەو نووسراوانەی لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ دیراسەکردن و تاوتوێکردنیان نێردرابوو خوێندرانەوە کە تایبەت بوون بە کۆمەڵێک کێشەوگرفت لەوانە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دەستدرێژی بۆ زەوی و زار و موڵکی گشتی ، هاوکات کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەیی یاسای قەدەغەکردنی مادده هۆشبەرەکان، و هەموار کردنەوەی یاسای هاتووچۆ، پاشان سەرجەم ئەو داواکاری و سکاڵایانە خرانە ڕوو کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئاراستەی لێژنەکەیان کرابوو، هەر لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا چەند لیژنەیەک پێک بهێنرێت بۆ بەدواداچوونی کێشە و سکاڵاکان و دۆزینەوەی رێ و شوێنی گونجاو بۆ چارەسەر کردنیان.**



**کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ هەردوو بەڕێز لیوا خویش میر سلیمان و لیوا رشاد فخری بۆ گوێ گرتن لە داواکارییەکانیان لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٠**



**کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ ژمارەیەك کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ بۆ گوێ گرتن لە داواکارییەکانیان لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢١**



## بەشداری سەرۆکی لیژنە و ئەندامی لیژنە لە مەراسیمی ئاهەنگی دەرچوونی خولی مەشق و راهێنانی سەربازی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٧





ڕۆژی سێشەمە ٢٠١٩/٩/٣، لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە سەرپەرشتیی ڕێڤینگ محەمەد هروری سەرۆکی لیژنە و ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە و بڕیاردەرو ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە کۆبووەوە.لە کۆبوونەوەکەدا سەرجەم ئەو نووسراوانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە بۆ دیراسەکردن و دەربڕینی بیروڕای لیژنەکە لەبارەیانەوە نێردرابوو تاووتوێکران کە تایبەت بوون بە کێشەو گرفتە جیاوازەکان و سەرجەم داواکاری و سکاڵای هاووڵاتییان خرایەڕوو و سەرجەم ئەندامان و راوێژکاران رای خۆیان دەربڕی و بڕیاردرا چەند لیژنەیەکی لاوەکی پێکبهێنرێت بۆ بەدواداچوونی کێشە و سکاڵاکان و دۆزینەوەی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان، هەروەها گفتوگۆ لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە کرا وەک زۆری دەوامیی کارمەندانی ئاسایش و پێشمەرگەو زێرەڤانی و کردنەوەی خولی ئەفسەری بۆ دەرچووانی کولێژ لە سلکی پۆلیس. هەر لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی لاوەکی درا بۆ بەدواداچوون و ئامادەکاری بۆ پڕۆژەیاسای مادە هۆشبەرەکان.





ڕۆژی سێشەمە ٣/٩/٢٠١٩، لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی ڕێڤینگ محەمەد هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە و ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە، لەهۆڵی لیژنە لە تەلاری پەرلەمان پێشوازیی لە ژمارەیەك لە کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی لاوانی بەخشندە کرد.
لە دیدارێکدا شاندی میوان مەبەستی سەردانەکەی بۆ پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکە ڕوونکردەوە کە بۆ گەیاندنی داواکارییەکانیانە سەبارەت بە هاوتاکردنی مووچەی کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی.
لە بەرامبەردا لیژنەکەی پەرلەمان پشتیوانیی خۆیان بۆ داواکارییەکانیان دەربڕی و بەڵێنیان پێدان کە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە دەکەن و داواکارییەکانیان دەگەیەننە لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی چارەسەرکردنی.

# لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەی کرد

سەرلەبەیانی سێ شەممە ٢٠١٩/٩/١٠ کاتژمێر ٩:٠٠، لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان بە سەرپەرشتی سەرۆکی لیژنە ریڤنگ هروری و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە عوسمان سێدەری و بڕیاردەری لیژنە شاخەوان رەئوف مستەفا و ئەندامانی لیژنە سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەیان کرد و لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە و جێگرەکەی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لەسەر بارودۆخی پێشمەرگە و داواکارییەکانیان، هەروەها شێوازی هەماهەنگی کردن لەگەڵ یەکتر بە تایبەت لە دانان و ئامادەکردنی پرۆژە یاسا و بڕیاری پێویست .لەم کۆبوونەوەیەدا هەر دوولا جەختیان لەکاری پێکەوەیی کرد و هەبوونی هەماهەنگی لە نێوانیان، لەکۆتاییدا هەر دوولا تێبینی و راو پێشنیارەکانیان خستەڕوو.







# لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان سەردانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانیان کرد

سێ شەممە ٢٠١٩/٩/١٠ کاتژمێر ١٠:٣٠، لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان بە سەرپەرشتی سەرۆکی لیژنە ڕێڤنگ هروری و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە عوسمان سێدەری و بڕیاردەری لیژنە شاخەوان رەئوف مستەفا و ئەندامانی لیژنە سەردانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانیان کرد و لەگەڵ وەزیری شەهیدان و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرەکانی وەزارەت کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لەسەر بارودۆخی شەهیدانی پێشمەرگە و داواکارییەکانیان و بەدواداچوون بۆ باشتر کردنی گوزەرانی ژیانیان، هەروەها چاکسازی کردن لە لیستی شەهیدان، هەر دوولا چەندین راو پێشنیاریان خستەڕوو بە تایبەت لە دانان و ئامادەکردنی پرۆژە یاسا و بڕیاری پێویست.لەم کۆبوونەوەیەدا هەر دوولا جەختیان لەکاری پێکەوەیی کرد و هەبوونی هەماهەنگی لە نێوانیان کرد.





لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان تاوتوێی پلانی چوار ساڵی داهاتوویان کرد

سەرلەبەیانی ٢٠١٩/٤/٨ بە مەبەستی دانانی پلانی کارکردنی لیژنەکە بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتووی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان بە سەرپەرشتی عبداللە حاجی محمود سەرۆکی لیژنە و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک و بڕیاردەر ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە لە هۆڵی لیژنەکە بەڕێوەچوو، گفتوگۆیان لەبارەی دانانی پلانی کارکردنی چوار ساڵی داهاتووی لیژنەکە کرد و هەموو ئەو پرۆژە و پێشنیازانە خرانەڕوو

کە پەیوەستن بە هێزەکانی بەرگری و هێزەکانی ناوخۆ و باشترکردنی ژیانی پێشمەرگە و کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ، ئامادەبووان بۆچوونەکانیان خستە ڕوو و بە چڕی گفتوگۆیان لەبارەی خاڵەکانی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە کرد و بڕیاریاندا بە ڕاپۆرتێک سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ئاگادار بکەنەوە.

## لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا به ئامادبوونی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و چەندلیوایەکی سەر بەم وەزارەتە...

سەرلەبەیانی رۆژی یەک شەممە ٢٠١٩/٩/١٥ کاتژمێر ١١:٠٠، لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان بە سەرپەرشتی سەرۆکی لیژنە رێڤنگ هروری و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە عوسمان سێدەری و بڕیاردەری لیژنە شاخەوان رەئوف مستەفا و ئەندامانی لیژنە، پێشوازیان لە بەڕێوەبەر گشتی دیوانی وەزارەتی ناوحۆ و چەند لیوایەکی سەربەم وەزارەتە کرد، لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە مەرجەکانی کردنەوەی خولی پێگەیاندنی ئەفسەری بۆ سلکی پولیس کرا، هەرلەم کۆبوونەوەیەدا هەریەک لە ئەندامان راو و پێشنیازەکانیان لەمەر داواکاری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وەک خانەنشینی هێزەکانی پولیس و یەکسان کردنی مووچەی کارمەندانی شارستانی وەزارەتی ناوخۆ و غراماتی هاتووچۆ و چەندین بابەتی تر گفتگۆ کرا و بڕیار درا کۆبوونەوەکان بەردەوام بن و زیاتر هەردوو لا ئاگاداری کارەکانی یەکتر بن، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا راپۆرتێکی ئامادەکراوی لیژنە لەسەر زەویە زێدەرۆییەکان خوێنرایەوە ، هەروەها بڕیار درا بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتی دەروازە سنووورییەکان بکرێت





بەرواری ٢٠١٩/٩/٥ بەڕێزان ئەندامانی لیژنە نزار مەلا غفار و سەروان هەرکی لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی وەزارەتی ناوخۆ کۆبوونەوە لەسەر یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.



بەڕێز ڕێڤینگ هرۆری سەرۆکی لیژنە بە یاوەری بڕیاردەر و ئەندامانی لیژنە و بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تەندروستی سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکیان کرد لەگەڵ بەرپرسانی نەخۆشخانەی پێشمەرگە و لیژنەی تەندروستی وەزارەتی پێشمەرگە





عوسمان سێدەری جێگری لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆ و ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان بەهاوڕێیەتی **باڵانبۆ کۆکۆیی** سەردانی ناحییە پیرەمەگرونیان کرد بەئامادەبوونی بەڕێوبەری ناحیە لەکۆبونەوەوەکەدا لە گەڵ بەرێوەبەری سەرجەم فەرمانگەکانی ناحیەکەدا باس لە سەرجەم کێشەو داواکاریەکانی ناحیەکە کرا وەبەڵێنی ئەوەیان دا کە بەدواداچوون بۆسەرجەم کێشەو داواکاریەکانی هاوڵاتیانی ناحیە پیرەمەگرون بکەن
لە لایەکی ترەوە بەڵێنی ئەوەیان بەفەرمان بەرانی ناحیە کەدا بەو پەڕی توانامانەوە کار دەکەین بۆ گێڕانەوەی پاشە کەوتی موچەکانیان.



عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان بەهاوڕێیەتی شاخەوان ڕەئوف و باڵانبۆ کۆکۆیی و ابوبکر هەڵەدنی ئەندامانی لیژنە لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوە و گوێیان گرت لەسەرجەم سەرنج وتێبینیەکانیان لەبواری هاتوچۆدا بەڵێیاندا بەدواداچوون بکەین بۆ سەرجەم کێشەکانیان وەسوپاسی پۆلیسی هاتوچۆیان کرد لە پای ئەرک ماندوبونیان.
١/١٠/٢٠١٩سێ شەم



٢٠١٩/٩/٣٠ عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان بەهاوڕێیەتی **باڵانبۆ کۆکۆیی** لە سەردانێکی مەیدانیدا سەردانی مستەفا چاوڕەش و ستافی هێزەکانی ٧٠یان کردو باس لە چەندین تەوەری گرینگ کرا کە تایبەت بوون بە خزمەت کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردوستان ئامانج لە کۆبونەوەکە ئەوەبوو ڕێوشوینی پێویست بگریتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستان.



**سەردانی بەڕیزان عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنە و بالآمبۆ محمد ئەندامی لیژنە بۆ لای پێشمەرگە دێرینەکان لەسەر بابەتی یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە لە ٢٠٢٠/١٠/١٩.**






**عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان و بەرێز باڵانبۆ کۆکۆیی** ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە لیژەنەی پێشمەرگە و ناوخۆ بەشداری کۆتايي هاتنی خولی بەشێ لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کرد لە لیوای مەشقی سلێمانی لە فەرماندەی وە خەڵات بە سەر سەرکەوتوانی خولەکە دابەش کرا پاشان لە نزیکەوە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا گفتوگۆیان کرد و بەڵێنی هەموو هاوکاری و پشتیوانیەکی خۆیان بۆ دووپات کردنەوە کە پارێزەری مافە ڕەواکانیان دەبن. ٢٠١٩/١٠/٢٥





٢٠١٩/١٠/٢، **بەڕێز عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان و بەرێز باڵانبۆ کۆکۆیی** بەشداریان کرد لە مەراسیمی کۆتايي هاتنی خولێکی مەشق و راهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لە بنکەی مەشقی پیادەی سلێمانی کە لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە سەرپەرشتی ئەکرا




# لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان بەجیا لەگەل ژمارەیەك لە چین و توێژەکانی سەر بەهێزەکانی پێشمەرگەو کارمەندانی ناوخۆ کۆبووەوە

سێشەمە ٢٠١٩/١٠/٨، لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان لەپەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی رێڤنگ هوروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی شاخەوان رەئوف مستەفا بڕیاردەری لیژنەو سەروان هەرکی ئەندامی لیژنەکە پێشوازیی کرد لە چەند رێکخراوێکی خۆبەخشی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و لەکۆبووەنەوەیەکدا گەنگەشەیەکی تەواو کرا بۆ هەوڵدان لەسەر بەدواداچوونی کێشەو گرفت و داواکارییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە وەک هاوتاکردنی مووچەکانیان و خەرجکردنی دەرماڵەکان و پلەبەرزکردنەوەو چەندین کێشەی تر.

هەر هەمان رۆژ لیژنەکە لەگەڵ کۆمەلێک پێشمەرگەی خۆبەخش کە بەشدارییان لە شەڕی کۆبانێ کردبوو کۆبووەوەو داواکارییەکانیان گفتوگۆی لەسەر کراو بڕیاردرا کە هەوڵ بدرێت هەر هیچ نەبێت میدالیایەکی رێزلێنانیان پێببەخشرێت.

هەمان رۆژ لیژنەکە لەگەڵ کۆمەڵێک کارمەندی هێزی جێبەجێکاری سەر بەچاکسازییەکان کۆبووەوە کە داوایاندەکرد وەک هێزەکانی ناوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەوانیش وەک ئەوان چەک هەڵدەگرن و ئەرک دەبینن، دوای تاووتوێکردنی داواکارییەکەیان لیژنە بڕیاریدرا کە بەدواداچوون بۆ داواکارییەکەیان بکات.









# لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆ لەگەڵ وەزیری ناوخۆ کۆبووەوە

سەعات٣ی پاشنیوەڕۆی سێشەمە ٢٠١٩/١٠/٨، شاندێکی لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی رێڤنگ محەمەد هروری سەرۆکی لیژنەو یاوەریی بڕیاردەری لیژنەو ژمارەیەك لە ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە سەردانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردو لەلایەن رێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمەوە پێشوازیی لێکرا.

لە کۆبوونەوەیەکدا گفتوگۆی زۆربەی ئەو پرسانەی کە تایبەت بوون بەژیانی هاووڵاتییان و داواکاری و کێشەکانیان تاووتوێ کران، هەروەها باس لە بوونی هەماهەنگی لەنێوان هەردوولا کرا لەسەر دانانی رێنمایی و بڕیارەکان و پڕۆژەیاسا پێویستەکان.لە تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکەدا وەزیری ناوخۆ باسی لە پرۆسەی چاکسازی کردو تیشکی خستەسەر ئەو کارە سەرەکییانەی کە خزمەت بە هاووڵاتییان دەکات دوور لە ئینتیمای حزبی و ئاینی و مەزهەبی..









# لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان سەردانی نەخۆشخانەی پێشمەرگەی کرد

رۆژی دووشەممە ٢٠١٩/١٠/٢٨ بەمەبەستی بەسەرکردنەوە و لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە کێشە و گرفتەکان لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان بە سەرۆکایەتی ریڤینگ هورووی سەرۆکی لێژنە و بە یاوەری جێگری سەرۆکی لێژنە و ژمارەیەک لە ئەندامانی لێژنەکە سەردانی نەخۆشخانەی پێشمەرگەیان کرد.

ئامانجی سەردانەکە بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون بوو لە کێشە و گرفتەکانیان و هۆکارەکانی دەست بەکارنەبوونی نەخۆشخانەکە، لەم سەردانە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکە و نوێنەری ئەڵمانییەکان کە راستەوخۆ نەخۆشخانەکە لە لایەن ئەوانەوە دروست کرابوو گفتوگۆکرا ، لەلای خۆیانەوە کۆمەڵێک داواکارییان خستەرووی لێژنەکە لەوانە، تەواوکردنی ئەو بەشەی شەقامی ١٥٠م کە دەکەوێتە لای نەخۆشخانەکە، دروست کردنی هۆڵێك بۆ کاتی سەردانی کەس و کاری نەخۆشەکان ، دابین کردنی هەموو ئامێرەکانی تایبەت بۆ چارەسەری نەخۆشییی ئۆرتۆپێدییەکان و ئامێرەکانی پشکنینی تەندروستی، دابین کردنی کەلوپەلی پێویست بۆ چارەسەری سروشتی، دابین کردنی بودجەیەکی پێویست بۆ نەخۆشخانەکە ، دروست کردنی رێگە و جادەکان و پاڕکێکی تایبەت بۆ راوەستانی ئۆتۆمبێلەکان ودروستکردنی رێڕەوە ئاوییەکان .

لەکۆتایی سەردانەکەیاندا لێژنەکە بڕیاریدا بە راپۆرتێک سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ناوەرۆکی سەردانەکەیان ئاگادار بکەنەوە و بە دواداچوون بۆ چارەسەرکردنی کێشە و بەربەستەکان بکەن.



## بەمەبەستی تاوتوێکردنی سەرجەم ئەو نوسراوانەی ئاراستەی لێژنەکەیان کراوە...

٢٩-١٠-٢٠١٩ لێژنەی پێشمەرگەو ناوخۆ و ئەنجومەنە خۆجێییەکان بە سەرپەرشتی ریڤینگ هروری سەرۆکی لێژنە و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لێژنە و بریاردە ر و ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرجەم ئەو نووسراوانەی لە لایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەکە کرابوون خرانە روو پاش تاوتوێکردنیان وەڵامی پێویستیان درایەوە ، هەروەها گفتوگۆ کرا لەسەر چەندین داواکاری و سکاڵای هاووڵاتیان، لەتەوەرێکی تری کۆبوونەوەکەدا بۆلە نزیکەوە ئاگاداربوون لە کێشە و گرفتەکانیان گفتوگۆ لەسەر ئامادەکاری لێژنەکە بۆ سەردانیکردنی مەیدانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کرا، دواتر بڕیاردرا کە بۆ بەدواداچوونی کێشە و گرفتەکان لەمەودوا راستەوخۆ سەردانی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بکرێت، لە کۆبوونەوەکەدا هەریەك لە ئەندامان و راوێژکارەکانی لێژنەکە راو و پێشنیازەکانی خۆیان خستەروو.






## کۆبوونەوەی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەگەڵ راوێژکاری هێزی هاوپەیمانان و بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٣





لێژنەی پێشمەرگەو ناوخۆ و ئەنجومەنە خۆجێییەکان بە سەرپەرشتی ریڤینگ هروری سەرۆکی لێژنە و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لێژنە و بریاردە ر و ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە **پیشوازییان** لە کۆمەڵێك کارمەندی پولیسی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ کرد بۆ گوێگرتن لە داواکارییەکانیان. ٢٩-١٠-٢٠١٩



# شاندێکی لیژنەی پێشمەرگە سەردانی هێزەکانی یەکەی ٨٠ی کرد

سەعات١٠:٣٠ی پێشنیوەڕۆی دووشەمە ٢٠١٩/١١/٤، شاندێکی لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە ریڤنگ هروری سەرۆکی لیژنەو عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنەو ژمارەیەك لە ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە سەردانی هێزەکانی یەکەی ٨٠ی کردو لەگەڵ نەجات عەلی بەرپرسی یەکەکەو لیواکانی سەربەیەکەکە کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا زۆربەی بابەتەکانی تایبەت بە ژیان و گوزەرانی هێزەکانی پێشمەرگەو داواکاری و کێشەکانیی هێزەکانی پێشمەرگە لەبارەوە گفتوگۆی کرا.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا باس لە هەبوونی هەماهەنگی لەنێوان هەردوولادا کرا بۆ هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی یەکەکانی٧٠ و ٨٠ لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا.

لەتەوەرێکی تری کۆبوونەوەکەدا باس لە چاکسازییەکان و هەبوونی شەفافییەت کرا لەناو هێزەکاندا و تیشکیان خستەسەر ئەم چەندەی کە کاری سەرەکییان خزمەتی هێزەکانی پێشمەرگە بێت دوور لەئینتیمای حزبی.





## لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێ ییەکان بەدواداچوون بۆ هۆکاری شەهید بوونی ٢ پێشمەرگەی هێزەکانی یەکەی ٧٠ لە لیوای ١٢ سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دەکات

دوابەدوای ڕوودانی ڕووداوێکی دڵتەزێن لەنێو هێزەکانی پێشمەرگە لەیەکەی ٧٠، سەر لەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٩/١١/١٢ لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێ ییەکان بەسەرپەرشتی پەرلەمانتاران عوسمان سێدەری و شاخەوان رەئوف و نزار مەلاغەفار بە یاوەری ڕاوێژکاری لێژنەکە، لیژنەیەکی بەدواداچوونی پێکهێنا بۆ بەدواداچوون بۆرووداوەکەی نێو هێزەکانی پێشمەرگە لەیەکەی ٧٠ کە بووە هۆی شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە، لیژنەکە بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی شوێنی ڕووداوەکەی کرد، بۆ ئەوەی لە نێزیکەوە لە هۆکاری ڕووداوەکە بکۆڵێتەوە، هەر لەم سەردانەدا لە نێزیکەوە گفتوگۆ لەگەڵ فەرماندە و پێشمەرگەکانی ئەم هێزە کرا بۆ باشتر تێگەیشتن لە هۆکارەکان و بینینی شاهیدەکان، بۆ ئەم مەبەستەش لەماوەیەکی نێزیکدا ڕاپۆرتێک ئامادە دەکرێت و دەدرێتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.





**هەڵبژاردنی بەڕێز** ڕزگار محمد محمود بۆ بڕیاردەری لێژنەی کاروباری پێشمەرگە

سەرلەبەیانی ٢٠١٩/١١/٣٠ بەسەرپەرشتی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بە ئامادەبوونی مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و نوێنەری لێژنەی یاسایی پەرلەمان ڕزگار محمد محمود بۆ بڕیاردەری لێژنەی کاروباری پێشمەرگە **هەڵبژێردرا**



سەردانی سەرۆکی لیژنە ریڤنگ هرۆری بە یاوەری راوێژکاری لیژنە دکتور وەعدی مزوری بۆ فەرماندەیی دهۆك و گوێ گرتن لە داواکاریەکانیان لە ٢٠١٩/١٢/٢







کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئە نجومەنە خۆجێ ییەکان بە سەرۆکایەتی عبدالله حاجی محمود لە رێکەوتی ٢٠١٩/٦/٨














ناوی ئەو ئەندام پەرلەمان و راوێژکارە بەڕێزانە کە لە سەرەتادا دڵسۆزانە خزمەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگەیان کرد و ئێستا ئەرکی تریان وەرگرتووە و لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە نەماون.

بەڕێزان عبدالله حاجی محمود /سەرۆکی لیژنە، شاخەوان رەئوف/بڕیاردەری لیژنە، نزار مەلا غەفار/ئەندامی لیژنە ) و راوێژکاران( لاوەند جەلال، عبدالستار کاکە، هیوا نەسرەدین )



سەردانی سەرۆکی لیژنە رێڤنگ هرۆری بە یاوەری ئەندامانی لیژنە حکمت محمد عبو زێد و سەعید هەرکی و راوێژکاری لیژنە دکتور وەعدی مزوری بۆ لای جیگری وەزیری پێشمەرگە بۆ گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی و گوێ گرتن لە پێشنیارەکانی لە

٢٠١٩/١٢/١٩

سەردانی سەرۆکی لیژنە رێڤنگ هرۆری بە یاوەری ئەندامی لیژنە حکمت محمد عبو زێد بۆ میحوەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ گوێ گرتن لە داواکارییەکانیان لە ٢٠١٩/١٢/٨







# لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ ژمارەیەك لە راوێژكارانی هاوپەیمانان سەبارەت بەیەكخستنی هێزەكانی پێشمەرگە كۆبووەوە





چوارشەممە ١١/١٢/٢٠١٩، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی ریڤنگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو برِیاردەرو ئەندامانی لیژنەکە کۆبوونەوەیەکی گرنگی لەگەڵ ژمارەیەك لە راوێژکارانی هاوپەیمانان کە نوێنەرایەتیی وڵاتانی ئیتاڵیاو هۆڵەنداو ئەمریکاو چەندین وڵاتی تریان دەکرد ئەنجامدا.

لە کۆبوونەوەکەدا راوێژکارانی هاوپەیمانان سەرجەم بابەت و وردەکاری و پرۆژەکانی تایبەت بەرێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەیان باسکرد.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە نزیکەی سێ سەعاتی خایاند سەرجەم هۆکارەکانی بەردەم یەکنەگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە خرانەڕوو و گفتوگۆیان لەسەر کرا،

لەتەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بەئامارو ژمارە باس لەو هاوکارییانە کرا کەهێزەکانی هاوپەیمانان بۆ پێشمەرگە دابینی دەکەن، هەروەها لەڕووی هاوکاریی مادیشەوە.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە باسکردن بوو لەبوونی هەماهەنگییەکی باش کرا لەنێوان هێزەکانی عێراقی و هێزەکانی پێشمەرگەو نەهێشتنی بۆشایی ئەمنی لەنێوانیاندا.لە کۆتاییدا هەریەک لە ئەندامان راوبۆچوونەکانیان خستەڕوو.

www.parliament.krd

# لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی لیژنەی پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەوە

بۆ راوێژکردن و ئاڵوگۆڕکردنی راوبۆچوونەکانیان لەروو یاساییەوە، پێشنیوەڕۆی پێنج شەممە٢٠١٩/١٢/١٩ بەسەرپەرشتی رێڤینگ محەمەد سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگەو بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە ئەندامان و راوێژکاری لیژنەکە لەگەڵ نوێنەرانی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە کە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە پێشنیازە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان ـــ عیراق هەریەك لە بەڕێزان لیوا کاوە ئەنوەر بەڕێوەبەری گشتی و عەمیدی مافپەروەر، هێرش ئەسکەندەر وەك نوێنەرانی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربوون.

لەم کۆبوونەوەیە گفتوگۆ لەسەر ئەو برگەو ماددانە کرا کەتایبەت بوون بە چاکسازی لە لیستی خانەنشینی سەربازی و پاکسازی لە پلە سەربازییەکان و پێدانی دەرماڵە و ئیمتیازاتی سەربازی لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە.

لە بەشێکی تری ئەم کۆبوونەوەیەدا هەردوولا بیروڕاکانیان لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی پلە سەربازییەکان و دانانی میکانیزمی خانەنشینی لە چوار چێوەی یاسا ئاڵوگۆڕ کرد.









بەشداری بەڕێز سەروان
هەرکی ئەندامی لیژنەی
کاروباری پێشمەرگە لە
هەڵمەتی
بەرەنگاربوونەوەی
نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا



سەردانی بەڕێز سەروان هەرکی ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بۆ لای
هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری پردێ بۆ لە نێزیکەوە گوێ گرتن لە
داواکارییەکانیان








سەردانی بەڕێز سەروان هەرکی ئەندامی لیژنەی کاروباری
پێشمەرگە بۆ لای پێشمەرگەکانی چیای زەردك





سەردانی بەڕێز
سەروان هەرکی
ئەندامی لیژنەی
کاروباری پێشمەرگە
بۆ لای هێزەکانی
پێشمەرگە بۆ لە
نێزیکەوە گوێ گرتن
لە داواکارییەکانیان






## لیژنەی کاروباری پێشمەرگە راپۆرتی خۆی لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد

بەمەبەستی تاوتوێکردنی چەند پرسێک دوای نیوەڕۆی ٢٠١٩/١٢/٢٣ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بە سەرپەرشتی رێڤینگ محمد هرۆری سەرۆک لیژنە و بە ئامادەبوونی بریاردەر و ئەندام و ڕاوێژکارانی لیژنە ئەنجامدا.

سەرەتایی کۆبوونەوەکە گفتوگۆ لەسەر ئەو راپۆرتە کرا کە داواکاری پێشمەرگەی سەنگەری لە خوی گرتبوو، ئەمەش لەدوای سەردانی لیژنە بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەدەستیان گەیشتبوو.

هەر لەکۆبوونەوەکە دا باس لە پێدانی ئەو سوپاسنامانە کرا کە لیژنە بە دوو خۆبەخشی دابوو، کە لەکاتی شەری دژی داعش ڕۆلێکی گەورەیان هەبووە لە هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، هاوکات لیژنە بریاریدا سوپاسنامە ئاراستەی هەموو ئەو خۆبەخشانە بکات کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە هاوکاری کردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە شەری دژی داعش.

لەتەوەرێکی تری کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پرۆژەیاسای چاکسازی کرا و دوای خوێندنەوە و وەرگرتنی راو سەرەنجی ئەندامانی لیژنە کە بریاردرا ڕاپۆرتەکە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکرێت.



## لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە گەڵ دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە تاوتوێی دیاریکردنی ڕۆژی نیشتیمانی پێشمەرگەیان کرد

بەمەبەستی دیاری کردنی ڕۆژێکی تایبەت بە پێشمەرگە پێشنیوەڕۆی ٢٠٢٠/١/٢٢ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بە سەرپەرشتی رێڤینگ هروری سەرۆکی لێژنەی پێشمەرگە و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک و بڕیاردەر و ئەندامانی لێژنەکە پێشوازیان لە دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی کرد، کە سەرجەم بەرپرسانی دەزگاکەی لە شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لە خۆ گرتبوو.

تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە دیاری کردنی ڕۆژی نیشتمانی پێشمەرگە بوو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش واژووی سەدوو سی هەزار هاووڵاتی لە لایەن ئەم دەزگایەوە کۆکراوەتەوە، لەلای خۆیانەوە سەرۆک و ئەندامانی لێژنەکە پشتگیری ئەم داواکارییەیان کردوو و رایانگەیاند هەموو هەوڵێک دەدرێت لە زووترین کات ڕۆژێک دیاری بکرێت وەک ڕۆژی نیشتمانی پێشمەرگە.

www.parliament.krd

## لێژنەی پێشمەرگە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا

بەمەبەستی تاوتوێکردنی چەند پرسێکی پەیوەست بە لیژنە پێشنیوەرۆی ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠٢٠/٨/١ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بەسەرپەرشتی ڕێڤینگ هرۆری سەرۆکی لیژنە و بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک لیژنە و بریاردەر و ئەندام و ڕاوێژکارانی لیژنە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دا.

دوایی ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان لەلایەن لیژنە خوێندنەوەیان بۆ هەموو ئەو ڕاپۆرت و نوسراوانە کرد کە بە لیژنە گەیشت بوون دوای گفتوگۆکردن ئەوانەی پێویستی بە وەڵامدانەوە بوو لەلایەن لیژنەی وەڵامیان درایەوە و بەشێکیشیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد، هاوکات گفتوگۆیان لەسەر پرۆژە یاسایی چاکسازی کرد و بریاریاندا داکۆکی زیاتر بکەن لەسەر ماف خانەنشینی پێشمەرگە.


لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا لە بەرامبەر هاوکاریکردن و چارەسەر کردنی پێشمەرگە و ئاوارەکان لە کاتی شەری دژی تیرۆرستانی داعش لیژنە سوپاسنامەیەکی پێشکەشی بە دکتۆر خنسە علی میرانی کرد.

www.parliament.krd









## لیژنەیەکی هاوبەشی پەرلەمان بۆ بەدواداچوون لەسەر کەیسی مجید برایم هەرووتی دەستی بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی کرد

لیژنەیەکی هاوبەشی پەرلەمان کە لە هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ پێکهاتبوون، ٢٠٢٠/١/٢١ بە سەرۆکایەتی عوسمان سێدەری و بەیاوەری ئەندامانی لیژنەکە، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا و گفتوگۆیان لەسەر کەیسی مجید برایم هەرووتی کرد.

دواتر لەسەردانێکی مەیدانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لەگەڵ عسمەت ئەرگوشی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی کۆبوونەوە و گفتوگۆیان لەبارەی کەیسەکەوە ئەنجامدا و پرسیارەکانیان وەڵام درایەوە.هەر ئەمڕۆ لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان و دادوەری لێکۆڵەری داد و ئەفسەرانی پەیوەندیدار بە دۆسییەکە کۆبوونەوە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر کەیسەکە، پاشان لەگەڵ بەڕێوەبەری بەندینخانەکە کۆبوونەوە و لە نزیکەوە سەردانی شوێنی ڕووداوەکەیان کرد..دوابەدوای کۆبوونەوە و سەردانە مەیدانیەکان لێژنە هاوبەشەکەی پەرلەمان بڕیاریدا لەرۆژانی داهاتووشدا بەدواداچوون لەسەر ئەم کەیسە بەردەوام بکەن و چاودێری لەسەر ئەنجامی بەدواداچوونەکانی دادگا بکەن، دوای تەواو بوونی بەدواداچوونەکە بە راپۆرتێک ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.









## لێژنەی بەدواداچوونی پەرلەمان بۆ کەیسی گیان لەدەستدانی هاووڵاتی مەجید برایم

دوابەدوای پێکهێنانی لێژنەیەکی لاوەکی بۆ بەدواداچوونی کەیسی گیان لەدەستدانی هاووڵاتی مەجید برایم ، پاش نیوەڕۆی ٢٠٢٠/١/٣٠ لێژنەکە ئەنجامی بەدواداچوونەکەیان خستە روو، ئەمەی خوارەوە وردەکاری بەدواداچوونەکەیانە:

دوابەدوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لاوەکی بە سەرۆکایەتی عوسمان کەریم سوارە و بە یاوەری بەرێزان (رۆمیۆ هەکاری، رزگار محمد محمود، سەعید هەرکی، حەسیبە گەردی، هیمداد سەباح، زکری زێباری، شادی نەوزاد، د. وەعدی سلیمان علی) لەسەر کەیسی گیان لەدەستدانی (مەجید برایم)، دوا بەدوای ئەوەی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشیان کرد و گفتوگۆیەکی تێروتەسەڵ لەسەر دۆسییەکا کرا هۆکارەکانی گرتن و گیان لە دەستدانی هاووڵاتی (مەجید برایم) بۆ لیژنە روونکرایەوە، هەروەها هاوکاری تەواو کرا بۆ لیژنە بۆ ئەوەی بەدواداچوونی خۆی بکات بە شێوەیەکی مەیدانی.

دواتر لیژنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکانیان کرد و لەگەڵ بەڕێوەبەر و ئەفسەرە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوە و زانیاری تەواوی لەسەر کەیسەکە بۆ ئەندامانی لیژنە خرایە روو و سەرجەم بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکان خرانەروو.

لیژنەکە لە رێگەی ئەفسەر و کارمەندانی ئاسایش و بەندیخانە، شوێنی گیان لەدەست دانی ناوبراویش بەسەر کرایەوە و وەڵامی پێویستی ئەندامانی لیژنە درایەوە.

هەروەها سەردانی لیژنەی پزیشکی دادی لە هەولێر کرا کە لێکۆڵینەوەی خۆی کردبوو لەسەر تەرمەکە و ئاگادار کراین کە تەرمەکە رەوانەی پزیشکی دادی کۆیە و سلێمانیش کراوە، بەرێز عوسمان سێدەری سەردانی کردووە، بۆ ئەوەی راپۆرتی ئەوانیش ئەنجام بدرێت.

هەروەها سەردانی ماڵی ناوبراو کرا و وتەی کەس و کاری وەرگیراوە لەسەر کەیسەکە و شێوازی گرتنەکەی و ئەو کەل و پەل و ماددانەی کە پێی گیراوە.

لیژنەکە بەدواداچوونی پێویستی کردووە لەسەر کەیسەکە، چاوەڕێی کۆتایی ئەنجامەکانی دادگا و لایەنی پەیوەندیدار دەبین ، بۆیە سەرەرای ئەمە لیژنە چاودێری کەیسەکە دەکات، بۆ ئەوەی راپۆرتی کۆتایی بەشێوەیەکی یاسایی لە رێگەی دام و دەزگای پەیوەندیدار(دادگا، پزیشکی داد) یەوە بۆ هاووڵاتیان و رای گشتی بخرێتە روو.

www.parliament.krd





## لیژنەی پێشمەرگە چەند پرسێکی گرنگ تاووتوێ دەکات

بەمەبەستی تاووتوێکردنی چەند پرسێکی پەیوەست بەکاری لیژنەکە، پێشنیوەڕۆی ٢٠٢٠/٢/٣، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوەی ئاسایی خویان ئەنجامدا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بەساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستیپێکردو دواتر سەرجەم ئەو نوسراوو ڕاپۆراتانەی ئاراستەی لیژنەکە کرابوون خوێندرانەوەو دوای گفتوگۆکردن لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەوە ئەوانەی پێویستیان بەوەڵامدانەوە هەبوو وەڵامدرانەوە ئەوانەی تریش ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کران بەمەبەستی چارەسەرو کاری پێویست.

هەر لەکۆبوونەوەکەدا ڕاو پێشنیاری ئەندامانی لیژنەکە لەسەر کاری لیژنەکە وەرگیرا بەتایبەتی دوای دەستپێکردنی وەرزی نوێی یاسادان و بۆ ئەو بەستەش لیژنە بڕیایدرا چەندین سەردان و بەدواداچوون بۆ ژمارەیەك لە دامودەزگاکانی حکومەت پەیوەندیدار بەکاری لیژنەکە ئەنجام بدات.

www.parliament.krd





## لیژنەی پێشمەرگە پلان و بەرنامەی بۆ وەرزی نوێی یاسادانان تاووتوێ کرد

سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆی ٢٦/٢/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی ڕێڤنگ محەمەد هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە کۆبووەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆکرا لەسەر بەرنامەو پلانی لیژنەکە بۆ وەرزی نوێی یاسادانان دوای پشووی پەرلەمان و هەموو ئەو سەردان و بەدواداچوونانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت گفتوگۆی لەسەر کرا.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە بانگهێشتکردنی کۆمەڵێک بەرپرسی باڵا لەوەزارەتی پێشمەرگە کرا بۆ مەبەستی راگۆڕینەوەو گفتوگۆ لەسەر کێشەو گرفتەکانی هێزەکانی پێشمەرگەو دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان، هەروەها بەپێویست زانرا کە چاودێریی باش بخرێتە سەر ئەو یاسایانەی کە دەرچووێندراون و تایبەتن بەهێزەکانی پێشمەرگەو زۆربەی بابەتەکانی تایبەت بەژیانی هێزەکانی پێشمەرگەو داواکاری و کێشەکانی هێزەکانی پێشمەرگە تاووتوێ و گفتوگۆی تێروتەسەلیان لەسەر کرا.

هەر لەکۆبوونەوەکەدا سەرجەم ئەو نووسراوانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتییەوە ئاراستەی لیژنەکە کرابوون بوون گفتوگۆیان لەسەر کرا.



لێژنەی پێشمەرگە لەسەر هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم داوای کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکات

بەمەبەستی تاووتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی پەیوەست بەکاری لیژنەکە، یەکشەمە ١٧/٥/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو ژمارەیەك لە ئەندامانی لیژنەکە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بەساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستپێکرد، دواتر سەرجەم ئەو نووسراو و یاداشتانەی ئاراستەی لیژنەکە کرابوون خوێندرانەوەو گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە باسکردن بوو لەبارودۆخی هەنووکەیی خانەقین و مەترسیی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و لیژنەکە ڕاو سەرنجی خوی لەسەر ئەو پرسە خستەڕوو.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا لیژنە چەند بڕیارێکی دەرکرد، لەوانە ئاراستەکردنی یاداشتێک بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەمەبەستی سازدانی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان لەسەر بابەتی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

هەروەها بڕیاردرا بەپێکهنانی لیژنەیەکی مەیدانیی هاوبەش لەگەڵ لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کەموکوڕییەکانی ناوچە کوردستانییەکان و بارودۆخیان لەڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش.

کوتا بڕیاری کۆبوونەوەکە خۆئامادەکردنی لیژنەکە بوو بۆ سەردانیکردنی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لەپەرلەمانی عێراق بەمەبەستی هەماهەنگی و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان.

www.parliament.krd



## بەیاننامە

لێژنەی پێشمەرگە ئیدانەی هێرشەکەی داعش بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە دەکات

لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان لە بەیاننامەیەکیاندا ئیدانەی ئەو هێرشەی تیرۆریستانی داعشیان بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە کرد لە ناحیەی کوڵەجۆ لە گەرمیان ، ئەمە دەقی بەیاننامەکەیە:

وەکو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی هێرشە تیرۆرستیەکەی داعش بۆسەر هێزەکانی پێشمەرگە لە ناحییەی کوڵەجۆ لە گەرمیان دەکەین کە بەداخەوە دووپێشمەرگەی لیوای ٥ی شارەزوور بە ناوی سورکێو ڕەشید و ئیسماعیل فارس شەهید بوون، و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەیان دەکەین، لێرەدا وەک لیژنەی پێشمەرگە هەر زوو لەڕێگەی ڕێڤنگ هروری سەرۆکی لیژنە و عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنە پەیوەندی کراوە بە فەرماندەکانیان و بەفەرمی لەڕێگەی ڕزگار محمد بڕیاردەری لیژنە، لیژنەیەکمان پێک هێناوە بۆ سەردانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە شوێنی شەڕەکە، بۆ ئەنجامدانی بەدواداچوونی پێویست. بەداخەوە تیرۆریستان سوودیان لە بۆشایی ئەمنی بینیوە لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق، ئێمە وەک لیژنەی کاروباری پێشمەرگە چەندین جار باسی مەترسی بۆشایی ئەمنی مان کردووە بە تایبەت لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان و ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدارمان کردووە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، ئەمەش بووەتە هۆکار کە تیرۆریستان دەرفەتیان بوو برەخسێت بۆ هێرش کردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بۆیە داواکارین لە هێزی هاوپەیمانان و هێزەکانی عێراقی کە زیاتر هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە بن بۆ پاراستنی سنوورەکان. وەک لیژنەی پێشمەرگە لەماوەی ڕابردوو بەدواداچوونی مەیدانیمان کردووە لە میحوەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر کەمی ئیمکانیاتی هێزەکانی پێشمەرگە، هەموو داواکارییەکانیان لە کەل و پەل و چەکی پێویستی سەربازی و بەهێزکردنی سەنگەرەکانیان و شێوازی دەوام کردن و باری گوزەرانی ژیانیان ، ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار کردووە. وەک لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشی لە هێزەکانی پێشمەرگە دەکەین کە سەرەرای شەونخونی و ئەنجامدانی ئەرکە سەختەکانیان، هەروەها ئەرکی شانیان لەگەڵ تیمەکانی تری بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەهەرێم ئەنجام دەدەن. هەروەها دەستخۆشی لە هێزەکانی ئاسایش و پولیس و سەرجەم پزیشک و کارمەدانی تەندروستی دەکەین کە لەم دۆخە سەختەدا پێشمەرگە ئاسا خۆیان خستووەتە مەترسییەوە بۆ پاراستنی خەڵک لەم نەخۆشییە و سوپاسی ڕێکارە ئەمنی و تەندروستییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڤایرۆسە.

لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان٢٠٢٠/٤/٨

## لیژنەی پێشمەرگە داوای یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم دەکات

بەمەبەستی تاووتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی هەنووکەیی و پەیوەست بەکاری لیژنەکە، سێشەمە ٣٠/٦/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبووەوە.لەکۆبوونەوەکەدا سەرەتا سەرجەم ئەو نوسراوانەی ئاراستەی لیژنەکە کرابوون خرانەڕوو و گفتوگۆیان لەسەر کرا.

دواتر لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە تاووتوێ کراو لیژنە بڕیاریدا بەدواداچوونی مەیدانی بۆ ناوچە سنوورییەکان بکات بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەدۆخەکەو زانینی ئەو زەرەرو زیان و قوربانییانەی کە لەو ناوچانە کەوتوونەتەوە.تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە باسکردن بوو لەسەر پرسی چاکسازی و لیژنە بەپێویستی زانی ڕۆڵی چاودێری و بەدواداچوونی خۆی بۆ ڕێکارەکانی ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە بگێڕێت و بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاردرا لیژنەیەکی لاوەکی پێکبهێنرێت.

هەروەها داواکاربوون کە لەم قۆناغەدا لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کێشەو ناکۆکییەکان وەلابنێن و پەیوەندییەکانیان بەهێزو پتەو بکەنەوە.



## ڕاپۆرتێکی هاوبەش لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئامادە دەکرێت

بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی هاوبەش سەبارەت بەدۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پێشنیوەڕۆی یەکشەمە ١٩/٧/٢٠٢٠، هەردوو لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی جوان ڕۆژبەیانی سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان و ریڤینگ هرۆری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو ئامادەبوونی ئەندامان و راوێژکارانی هەردوو لیژنەکە کۆبوونەوە. لەکۆبوونەوەکەدا دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و سیاسەتی تەعریبکردن و دەربەدەرکردنی خەڵکی ئەو ناوچانەو مەترسیی میلیشیاکان لەسەر پێکهاتەکان و هەروەها مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش و هەماهەنگییەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان بەچڕوپڕی تاووتوێ کران و بڕیاریشە راپۆرتێکی هاوبەش بەداتاو بەئامارو کۆمەڵێك ڕاسپاردەو داواکاری لەلایەن هەردوو لیژنەکەوە لە هەرێم و حکومەتی فیدراڵیی عێراق لەسەر دۆخی ئەو ناوچانە ئامادە بکرێت و ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکرێت بەمەبەستی خستنە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە.









# سێ لیژنەی پەرلەمان بەدواداچوون بۆ دۆخی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم دەکەن

لەڕۆژانی ٤، ٥، ٦ی تەمووزی ٢٠٢٠، سێ شاندی جیاواز لە لیژنەکانی (پێشمەرگە، ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان، پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی) لە پەرلەمانی کوردستان لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک، سەردانی مەیدانیان بۆ ناوچە سنوورییەکانی هەرێم دەستپێکرد کە لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە تۆپباران دەکرێن، مەبەست لەو سەردانە مەیدانییانە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکە سەبارەت بەڕەوشی ئەو ناوچە سنوورییانە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

شاندی پارێزگای دهۆک بەسەرۆکایەتیی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگەو ئەندامیەتیی ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان و شاندی پارێزگای سلێمانی بەسەرۆکایەتیی شاخەوان ڕەئوف سەرۆکی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان و ئەندامیەتیی ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان و شاندی پارێزگای هەولێر بەسەرۆکایەتیی د.ڕێبوار بابکەیی سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی و ئەندامیەتیی ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان بووەو سەردانی قەزاو ناحیەو ناوچە سنوورییەکانیان کردووەو لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان کۆبوونەوەی پێویست ئەنجام دراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست لەسەر ئاماری زیانە مادی و گیانییەکانی لەئەنجامی تۆپبارانەکان کەوتوونەتەوە، هەروەها ژمارەی گوندە چۆڵکراوەکان و ئەو خەڵکانەی کەلەترسی تۆپباران کۆچیان کردووە، بڕیارە لەماوەیەکی نزیکدا ئەم ئامارانەو هۆکارەکانی تۆپبارانکردنی ئەم ناوچانەو ڕاسپاردە پێویستەکان بکرێتە ڕاپۆرتێکی هاوبەشی هەرسێ لیژنەکەو ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەلەمان بکرێت.

www.parliament.krd








## لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بەدواداچوون لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی دەکات

٢٠٢٠/٨/١٠ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی ڕێڤنگ هرۆری سەرۆکی لێژنە وبەئامادەبوونی ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی رۆڵی چاودێری و بەدواداچوون لە لایەن لیژنەوە بۆ شێوازی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی کرا، و بەپێویست زاندرا کە پەلەی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی زۆربەی کێشەکانی هێزەکانی پێشمەگە وەک پلەی شایستە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر بکرێن. تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکان، هاوکات بارودۆخی ناوچە سنوورییەکان تاوتوێ کرا.

لەکۆتاییدا بڕیاریاندا سەردانی مەیدانی زیاتر بکرێت بۆبەدواداچوون لەسەر کێشە و گرفتی هێزەکانی پێشمەرگە، و شێوازی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

www.parliament.krd



## واژووی ١٣٢ هەزار هاووڵاتی رادەستی لێژنەی پێشمەرگە کرا

٢٠٢٠/٩/١ بەمەبەستی دیاریکردنی ڕۆژێکی نیشتیمانی بۆ پێشمەرگە، لێژنەی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لێژنە و بەئامادبوونی عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لێژنەکە، پێشوازییان لەنوێنەرانی دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی کرد.

لە دیدارێکدا کە لە هۆڵی لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، نوێنەرانی دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی، واژووی سەد و سی و دوو هەزار هاووڵاتی ڕادەستی لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان کرد، کە داوایان کردووە ڕۆژێکی نیشتیمانی بۆ پێشمەرگە دیاری بکرێت.

لەلای خۆیانەوە لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، داواکاری و سەرجەم واژووەکانیان وەگرت و ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیان کرد ، بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی و پێویست لەمبارەیەوە.

www.parliament.krd



## لیژنەی پێشمەرگە بەدواداچوون بۆ پرسی چاکسازی لەچەند بەڕێوەبەرایەتییەکی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە دەکات



بەمەبەستی تاووتوێکردنی چەند پرسێکی تایبەت بەکاری لیژنەکە، سەعات ١٠ی بەیانیی سێشەمە ٢٩/٩/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە کۆبووەوە.کۆبوونەوەکە بەساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، دواتر تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە خرایەڕوو کەباسکردن بوو لەپرسی چاکسازیکردن لەچەند بەڕێوەبەرایەتییەکی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە، دوای گفتوگۆکردن بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی لاوەکیی درا بۆ سەردانیکردنی (بەرێوەبەرایەتیی خانەنشینی و بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی و بەشی تەندروستی) لەوەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەك بەسەرۆکایەتیی عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنەو ئەندامییەتیی رزگار محەمەد بڕیاردەری لیژنەو سەعید هەرکی و ئەبوبەکر هەڵەدنی و باڵانبۆ محەمەد، ئەندامانی لیژنەکە پێکهێنرا بۆ بەدواداچوون لەسەر هەندێك بابەتی پێویست و هەروەها ئاگاداربوون لەبابەتی چاکسازی لەو بەڕێوەبەرایەتییانەو لەکۆبوونەوەکەدا هەریەک لەئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە رای خۆیان خستەڕوو.





شاندێکی لیژنەی پێشمەرگە سەردانی وەزیری پێشمەرگەو بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینیی کرد

بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و پرسی پلەبەرزکردنەوەو چەند پرسێکی تری تایبەت بەهێزەکانی پێشمەرگە، سەرلەبەیانیی سێشەمە ٦/١٠/٢٠٢٠، شاندێکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان، بەسەرۆکایەتیی عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لێژنەو ئەندامییەتیی رزگار محەمەدو سەعید هەرکی و ئەبوبەکر هەڵەدنی و باڵامبۆ کۆکۆیی، ئەندامانی لیژنەکە، سەردانی وەزیری پێشمەرگەی کرد.

لەدیدارێکدا بەدوداچوون بۆ جێبەجێکردنی هەندێک بڕگِەو ماددەی یاسای چاکسازی کرا، بۆ پێداچوونەوەو رێکخستنی لیستی سوودمەندانی خانەنشینیی کەمئەندامانی پێشمەرگەو پرسی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران و هەندێک پرسی تری تایبەت بەهێزەکانی پێشمەرگە.

دوابەدوای سەردانەکەیان بۆ لای وەزیری پێشمەرگە، هەر ئەمڕۆ شاندەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینیی وەزارەتی پێشمەرگەی کردو لەگەڵ بەڕێوەبەرو بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتییەکە کۆبووەوەو بەتێروتەسەلی گفتوگۆ لەسەر خانەنشینیی کەمئەندامانی پێشمەرگە کراو هەردوولا جەختیان لەسەر هەماهەنگیی زیاتر کردەوە.

## لیژنەی پێشمەرگە بەدواداچوون بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی دەکات







بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پڕۆژە یاسای چاکسازی و چەند پرسێکی تر، سێ شەممە ٢٠٢٠/١٠/١٣ شاندێکی لیژنەی پێشمەرگە، بەسەرۆکایەتی عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنە، بەیاوەری ئەبوبەکر هەڵەدنی ، باڵانبۆ محمد و سعید هەرکی ئەندامانی لیژنەکە، سەردانی بەڕێوبەرایەتی چاکسازی وەزارەتی پێشمەرگەیان کرد و لەگەڵ ستافی بەڕێوبەرایەتیەکە کۆبوونەوە.لەکۆبوونەوەکەدا سەرجەم ئەو کۆبوونەوانەی کە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی لەگەڵ راوێژکارانی سەربازی وڵاتانی هاوپەیمانان کردویەتی بۆ بابەتی چاکسازی گفتوگۆی لەسەر کرا.هەروەها باس لە کۆمەڵێک پڕۆژە کرا، لەوانە پرۆژەی ئامادەباشی پێشمەرگە، کە بابەتی یەکخستن و یەکسان کردنی دەوامی هێزەکانی پێشمەرگەی تێدایە، هەروەها نەهێشتنی بندیوارەکانی پێشمەرگە،و پرۆژەیەک بۆ رێکخستنی یاسا و رێنماییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، و بەئەلیکترۆنی کردنی مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکان جێبەجێکراوە و لە ئاییندەدا بۆ لیواکانیش جێبەجێ دەکرێت.لە بەشێکی تری کۆبونەوەکەدا، پرۆژەکانی یەکسانی جێندەری لە هێزەکانی پێشمەرگە، یەک سیستەمی چەک لە لیواکان، لێکدانی توانای هێز و چەکە جۆراوجۆرەکان، مناوەرەی سەربازی ، یەکپۆشی جل وبەرگ، پرۆژەی سیستمی گەیاندن، ئەفسەرانی پۆل، ستراتیژیەتی پزیشکی وەزارەتی پێشمەرگە و پرۆژەی لۆجیستی، گفتوگۆیان لەسەر کرا.لەتەوەرێکی تردا، ستراتیژیەتی هەماهەنگی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق،و ستراتیژیەتی بەرگری سەربازی وەزارەتی پێشمەرگە، و بیرۆکەی کارنامەی هێزەکانی پێشمەرگە گفتوگۆیان لەسەر کرا.لە کۆتاییدا بەڕێوەبەرایەتییەکە باسی لە دروست کردنی سەنتەری زمان کرد بۆ پێشمەرگە، هاوکات باسی لەو خولانە کرد کە لە ئەڵمانیا و بەریتانیا بۆ ئەفسەرانی رەخساندووە ، بۆ دروست کردنی ئەفسەری پسپۆر لە بواری چاکسازیدا.


## لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ ستافی کاروباری پزیشکیی وەزارەتی پێشمەرگە کۆبووەوە




بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەئیشوکارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، سێشەمە ٢٠/١٠/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی رێڤنگ هرۆری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە، لەهۆڵی لیژنە لەتەلاری پەرلەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پزیشکیی وەزارەتی پێشمەرگەو جێگرەکەی کۆبووەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا باس لەکارو چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە کراو داتاو ژمارەی پێویستی پێشمەرگە کەمئەندامەکان و ئەو کێشەو گرفتانەی کە هەیە خرایەڕوو بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، بۆ ئەمەش جەخت لەوە کرایەوە کە لەڕێگەی ئامادەکردنی پرۆژەیاسایەکی نوێ هەوڵ بۆ زیاتر خزمەتکردن و باشتر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بدرێت.لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە باس لەپێداویستیی تەندروستی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەو بوونی کارمەندو پزیشکی تەندروستیی پێویست کرا، هەروەها گفتوگۆ لەسەر رەوشی پێشمەرگە بریندارەکانی شەڕی داعش کرا.

لەکۆتاییدا هەریەک لە ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەکە رای خۆیان لەسەر سەرجەم بابەتەکان خستەڕوو.



## لیژنەی کاروباری پێشمەرگە سەردانی شوێنەکانی ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات

دووشەمە ٢٦/١٠/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بەسەرپەرشتیی ڕێڤینگ هرۆری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بریاردەرو ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبووەوە.کۆبوونەوەکە بەساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، دواتر داواکاریی هاووڵاتییان کە بۆ لیژنەکە نێردرابوون بەتێروتەسەلی گفتوگۆیان لەسەر کرا، هەروەها هەندێ پێشنیار لەلایەن ئەندامان سەبارەت بەشێوازی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران خرانەڕوو، پرۆژەیەکیش بۆ یەکخستنەوەی خانەنشینی تاووتوێ کرا.لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ کرا لەسەر پلان و بەرنامەی کاری لیژنەکە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە رای خۆیان خستەڕوو.لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا بڕیاردرا لیژنەیەکی لاوەکی پێکبهێنرێت بۆ بەدواداچوون و سەردانیکردنی شوێنەکانی ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا.

## ڕاگەیەندراوێک لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان

لە ئاکامی کردەیەکی سەربازی بەرامبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ئەنجامدرا، لە ناحیەی چەمانکی لە قەزای ئامێدی لە بەرواری ٤/١١/٢٠٢٠ پێشمەرگەیەك بە ناوی (هێرش جوهر محمد)شەهید بوو، چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون. وەکو لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی ئەم کردەیە و هەموو کردەیەکی هاوشێوەی دەکەین، هەموو شەڕێکی کورد کوژی مەحرووم و شەرمەزار دەکەین، داوا لەسەرجەم هێزە کوردستانیەکان دەکەین، کە خۆیان لە شەڕی خۆکوژی بەدوور بگرن، و کێشەو گرفتەکان بە دانوستان و گفتوگۆ چارەسەر بکەن .شەڕ ماڵ وێرانکەرە و کەس تێیدا براوە نیە، پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی و توندوتیژی لەناو خاکی هەرێمی کوردستان لە دژی هێزی پێشمەرگە، وەک هێزێکی وەدیهێنەری ئازادی و بونیادنەری قەوارەی سیاسی و دەستووری هەرێمی کوردستان، و وەک هێزێکی دەستووری و بەشێک لە سیستمی بەرگری دەوڵەتی عیراقی فیدراڵ، پێشێل کردنی یاسای نێودەوڵەتی و دەستوور و سەروەری عیراق وهەرێمی کوردستانە، و بەتەواوی دەستێوەردانێکی نایاسایی و نارەوایە لەکاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان .گومانی تێدانیە کە شەڕی خۆبەخۆی کوردان لەگەڵ یەکتری جگە لە زیان و کارەسات و لاوازکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، و ڕژانی خوێنی لاوانی کوردستان، و سوتانی جەرگی دایک و باوکان شتێکی دیکەی لێ نەهاتۆتەدی، بۆیە دەبێ هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەک بۆئەوە بێ، کە پێش بەشەڕ بگیرێ و ئەگەر کێشەش هەبن، دەبێ بە گفتوگۆ و ئامرازی ئاشیانە چارەسەر بکرێن، و ئەرکی هەموو پارت ولایەنەسیاسیەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانە بەگشتی، ئەگەر پێیان ناکرێ لەڕوبەڕووبونەوەی قەیرانەکان هاوکاری گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، ئەوا با کێشەی بۆدروست نەکەن .

وەکو لیژنەی پیشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە وەبیر هەمولایەک دەهێنینەوە،کە بەداخەوە ئەو دەسکەوتانەی کە بەهۆی خەباتی مێژوویی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلەکەمان و بەخشینی دەریای خوێنی ڕۆڵەکانمان بەدەستمان هێناوە، وا خەریکە لە ئەنجامی ناکۆکی و ناتەبایی نێوان هیزە سیاسیەکانی کوردستان کەوتونەتە بەر هەڕەشە و مەترسی جۆراوجۆر، بۆیە داوا لەسەرجەم لایەنە سیاسی و کەسایەتیەکان دەکەین، دەست لەناودەست هەوڵی پێش گرتن بەم ڕووداوە نەخوازراوانە، و یەك خستنی هەوڵ و هەڵوێستی نیشتمانی لەپێناو دوورخستنەوەی شەڕو باڵادەستی ئاشتی و بەهێزکردنی سەقامگیری و ئاسایش و تەرخان کردنی وزەو تواناکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانەکان نەک بەفیڕۆدانیان لەشەڕی خۆکوژییەدا. لەکۆتاییدا سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ئەم کردەوە سەربازییە دادەنەوێنین و داوای شیفای خێرا و سەلامەتی بۆ بریندارەکان دەکەین.

لێژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان٥/١١/٢٠٢٠



## شاندێکی لیژنەی پێشمەرگە بەشداری لەمەڕاسیمی پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەکات

سێشەمە ١٠/١١/٢٠٢٠، شاندێکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، کەپێکهاتبوو لە رێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنەو سەروان هەرکی ئەندامی لیژنەکە، بەشداریی کرد لەمەڕاسیمی پڕچەککردنی هەردوو لیوای ١٤و ١٦ی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە.هاوکارییە سەربازی و لۆجستییەکانی سوپای ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگە بریتی بوو لەزرێپۆش و ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی سەربازی، ئەمەش دەبێتە دەرفەتێکی دیکە بۆ بەهێزبوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەڕووی لۆجستیەوە.






**لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٣٠ کاتژمێر ٩:٠٠ی شەو، لیژنەکە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە رێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانس ئەنجام دا، تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لەسەر ئەنجامی سەردانی نوێنەرانی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ وەفدی عێراقی بۆ وڵاتی ئەمریکا، لەم کۆبوونەوەیەدا عەمید هەژار بەڕێوەبەری بەشی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە ئامادەبوو کە لە هەمان کاتدا نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە بووە کە لە گەڵ وەفدی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی مستەفا کازمی سەردانی ئەمریکای کردبوو بۆ بەشداری لە دایەلۆگی ستراتیژی ئەمریکی عێراقی، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە کۆبوونەوەکانی حکومەتی عێراق و ئەمریکا و هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەسەر کرابوو، وەك ئەو هاوکارییانەی کە حکومەتی ئەمریکا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دەکات، بابەتی هەماهەنگی نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە، بابەتی چاکسازی لە هێزەکانی پێشمەرگە، پڕ چەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە، چاکسازی لە خانەنشینی پێشمەرگە و چەندین بابەتی تر بە چڕی گفتوگۆی لەسەر کرا، دواتر هەریەك لە ئەندامان راو و تێبینی خۆیان خستەروو.**

# لیژنەی پێشمەرگە فەرماندەیی یەکەی ٧٠ و چەند بنکەیەکی مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی لەپارێزگای سلێمانی بەسەرکردەوە





ڕۆژی چوارشەممە ١١/١١/٢٠٢٠، شاندێکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بەسەرۆکایەتیی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئەندامیەتیی عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ژمارەیەك لەئەندامان و ڕاوێژکاری لیژنەکە، سەردانی فەرماندەیی یەکەی ٧٠ی سەربەوەزارەتی پێشمەرگەی لەپارێزگای سلێمانی کرد.

لەدیدارێکدا هەردوولا جەختییان کردەوە لەسەر بابەتی یەکگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە کەپێویستە هەمووولایەک پێکەوە هەوڵی بۆ بدەن.

هەر هەمان ڕۆژ شاندی لیژنەکەی پەرلەمان بنکەی مەشقی پیادەی سلێمانی و بنکەی مەشقی کانی گۆمەو کۆلێژی سەربازیی قەڵاچواڵانی بەسەرکردەوەو لەنزیکەوە چاوی کەوت بەفەرماندەو هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئاگاداربوون لەکێشەو داواکارییەکانیان و گفتوگۆی تێروتەسەلیان لەسەر کرا.







## لیژنەی پێشمەرگە فەرماندەیی یەکەی ٧٠ و چەند بنکەیەکی مەشق و راهێنانی سەربازیی لەپارێزگای سلێمانی بەسەرکردەوە

رۆژی چوارشەممە ١١/١١/٢٠٢٠، شاندێکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بەسەرۆکایەتیی ریڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئەندامیەتیی عوسمان سێدەری جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ژمارەیەك لەئەندامان و راوێژکاری لیژنەکە، سەردانی فەرماندەیی یەکەی ٧٠ی سەربەوەزارەتی پێشمەرگەی لەپارێزگای سلێمانی کرد.لەدیدارێکدا هەردوولا جەختییان کردەوە لەسەر بابەتی یەکگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە کەپێویستە هەمولایەک پێکەوە هەوڵی بۆ بدەن.هەر هەمان رۆژ شاندی لیژنەکەی پەرلەمان بنکەی مەشقی پیادەی سلێمانی و بنکەی مەشقی کانی گۆمەو کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالانی بەسەرکردەوەو لەنزیکەوە چاوی کەوت بەفەرماندەو هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئاگاداربوون لەکێشەو داواکارییەکانیان و گفتوگۆی تێروتەسەلیان لەسەر کرا.




## لیژنەی پێشمەرگە گفتوگۆ لەسەر باشترکردنی بژێویی ژیانی پێشمەرگە دەکات

چوارشەممە ١٨/١١/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، بەسەرپەرشتی ریڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ئەندامانی لیژنەکە، بەشێوەی ڤیدیۆ کۆنفرانس کۆبوونەوی ئاسایی خۆی ئەنجامدا.

تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لەگفتوگۆکردن لەسەر دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ باشترکردنی ژیانی هێزەکانی پێشمەرگەو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی هەندێک ئیمتیازات بۆ پێشمەرگە، بۆ ئەمەش هەریەک لەئەندامان راو پێشنیازی خۆیان خستەڕوو.

لەتەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە گفتوگۆکرا لەسەر بەردەوامبوونی سەردان و بەدواداچوونە مەیدانییەکانی لیژنەکە بۆئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری کێشەو گرفت و داواکارییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بن و بتوانن لەئایندەدا کاری لەسەر بکەن و ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە

## بەیاننامەیەک لە لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ڕووداو و پەرەسەندنەکانی چەند رۆژی رابردوو

لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ئەمڕۆ و چەند ڕۆژی ڕابردوو، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە، ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە:

ئێمە، سەرجەم پەرلەمانتارانی لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، بە هەموو ڕەنگەکانەوە، داوا دەکەین ئەو دۆخە ئیعلامییەی کە چەند ڕۆژی ڕابردوو هاتە ئاراوە کۆتایی پێ بهێنرێت، سوتاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و پەلاماری بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بەغدا، دووپاتی کردەوە کە هێشتا عەقڵیەتی شۆڤینی بەردەوامە لە پەلاماردانمان و سوکایەتی کردن بە پیرۆزییەکانمان.

پارتی و یەکێتی بەهاوکاری حزبە کوردستانییەکانی تر، ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە، و هەردوولا هەزاران شەهیدیان بۆ دۆزی کورد و خەباتی گەلەکەمان داوە،و خوێنی پێشمەرگە لە یەک سەنگەردا تێکەڵی یەکتری بووە لە شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرگری لە کوردستان، پاش کۆڕەو و رزگاری عێراق بە گشتی، و بەتایبەت لە شەڕی تیرۆریستانی داعش دا.

ئاشکرایە میللەتەکەمان لە ئێستادا لە باروودۆخێکی خراپدایە، قەیرانی ئابووریمان هەیە، لەرووی تەندروستییەوە ڤایرۆسی کۆرۆنا مەترسییەکی گەورەیە لە سەر دانیشتوانی هەرێمەکەمان، بۆیە داواکارین بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان و سەیرکردنی تەحەدییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان، ئەو گرژییە میدیاییەی ڕوویداوە با تائێرە بێت و کۆتایی پێ بێت، جارێکی تر براکان بەرنەبنەوە گیانی یەکتری، پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان چاویان لە هەموو لایەکە ئەو ئەزموونەی کوردستان و قەوارە دەستورییەکەی بپارێزین بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناهەمواری ناوچە کوردستانییەکان، و مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش و هەرەشە هەرێمایەتییەکان ، بە ڕۆحییەتی کوردانەوە خزمەتی گەلی کوردستان بکەین و ئەرک و کاری قورس لەپێشمانە کە بۆ گەلەکەمانی ئەنجام بدەین.

لێژنەی پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستانی ٢٠٢٠/١٠/١٧





## لیژنەی کاروباری پێشمەرگە سەردانی ئەکادیمیای سەربازی زاخۆ و بنکەی مەشق و ڕاهێنانی خنسی کرد

دووشەممە ٢٠٢٠/١١/٢٣، شاندێکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بەسەرۆکایەتیی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنە، بەیاوەری جێگری سەرۆکی لێژنە و بڕیاردەر و ئەندامانی لێژنەکە، سەردانی بنکەی مەشق و ڕاهێنانی خنس-یان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە قەزای شێخان کرد، بەمەبەستی ئاگادار بوون لە ڕەوشی ئەو پێشمەرگانەی کە لەوێ ڕاهێنان دەکەن، دواتر سەردانی ئەکادیمیای سەربازی زاخۆیان کرد و سەرجەم بەشەکانیان بەسەر کردەوە.
لەسەردانەکەیاندا لە نزیکەوە چاودێری شێوازی مەشق و ڕاهێنانەکانیان کرد و بەدواداچوونیان بۆ کێشە و گرفتەکان و داواکارییەکانیان کرد.








## لیژنەی پێشمەرگە کار لەسەر پێداچوونەوە بەدەوامی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات

سێشەممە ٢٤/١١/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، بەسەرپەرشتیی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ئەندامانی لیژنەکە کۆبووەوە.
تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لەگفتوگۆکردن لەسەر پێداچوونەوە بەدەوامی هێزەکانی پێشمەرگەو یەکسانکردن و ڕێکخستنی بەشێوەیەک کەدادپەروەریی تێدا بێت و کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ژیانیان دروست نەکات، بۆ ئەمەش بڕیاردرا لیژنەیەکی لاوەکی پێکبهێنرێت بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە.
تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر ئەنجامی سەردانە مەیدانییەکانی لیژنەکە بۆ پارێزگای دهۆک و پێشنیازکرا لەداهاتوودا سەردانەکان و بەدواداچوونەکان زیاتر بکرێن، بەتایبەت لەسەر پێداویستییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لەوەرزی سەرمادا.هەر لەکۆبوونەوەکەدا ئەندامانی لیژنەکە راو پێشنیازی خۆیان سەبارەت بەبەرنامەو پلانی کاری داهاتووی لیژنەکە خستەڕوو.
لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا سەرجەم ئەو نوسراوانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەکە کرابوون خوێندرانەوەو گفتوگۆیان لەسەر کرا.



**لیژنەی پێشمەرگە کۆبوویەوە** رۆژی سێشەممە ٢٠٢٠/١٢/٨، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، بەسەرۆکایەتیی ریڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لێژنەو بڕیاردەری لیژنە و ئەندامان و راوێژکاری لیژنەکە، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا. تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە گفتوگۆ کردن بوو لەسەر ئەنجامی سەرەتایی لیژنەی لاوەکی کە پێک هاتووە لە بەڕێزان، (رزگار محمد، باڵانبۆ کۆکۆیی، سەروان هەرکی) بەمەبەستی بەدواداچوون لە هۆکارەکانی نادادپەروەری لە دەوامی هێزەکانی پێشمەرگە پێک هێنراوە، هەروەها بڕیارلەسەر چاپ کردنی بڵاوکراوەیەك درا سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی لیژنە و سەرجەم ئەو نووسراوانەی کە لە لایەن سەرۆکایەتییەوە ئاراستەی لیژنە کرابوون خرایە روو



## لیژنەی پێشمەرگە بە شێوەی ڤیدیۆ کۆنفرانس کۆبوویەوە

٢٠٢٠/١٢/١٥، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، بەسەرۆکایەتیی رێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لێژنەو بڕیاردەری لیژنە و ئەندامان و راوێژکاری لیژنەکە، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا.

کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە ئامادەکردنی راپۆرتی سەردانەکان و دانانی پلانێك بۆکارو چالاکی وەرزی زستان و ساڵی نوێ

هەروەها سەرجەم ئەو نووسراوانەی کە لە لایەن سەرۆکایەتییەوە ئاراستەی لیژنە کرابوون خرایە روو.





## لیژنەی کاروباری پێشمەرگە سەردانی سەرۆکایەتی هەیئەی ئەرکان/ ئیدارە و میرە لە بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی کرد

سێشەممە ٢٠٢٠/١٢/١، شاندێکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بەسەرۆکایەتیی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنە، بەیاوەری جێگری سەرۆکی لێژنە و ئەندامانی لێژنە و راوێژکاری لیژنەکە، سەردانی سەردانی سەرۆکایەتی هەیئەی ئەرکان/ ئیدارە و میرە لە بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی کرد و لە لەگەڵ ئەفسەر و فەرماندەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە کۆبوونەوە .هەر ئەمڕۆ ئەم لیژنە پێشمەرگە لە چوارچێوەی سەردانەکانی بۆ بنکەکانی مەشق و راهێنان لە پارێزگاکانی کوردستان سەردانی بنکەی مەشق و راهێنانی بنەسلاوەیان کرد ، بەمەبەستی ئاگادار بوون لە رەوشی ئەو پێشمەرگانەی کە لەوێ راهێنان دەکەن وسەرجەم بەشەکانیان بەسەر کردەوە . لەسەردانەکەیاندا لە نزیکەوە چاودێری شێوازی مەشق و ڕاهێنانەکانیان کرد و بەدواداچوونیان بۆ کێشە و گرفتەکان و داواکارییەکانیان کرد







ناو: **ریَڤینگ محمد محمد علي هروری**
لەدایکبوون: ١٩٥١/٧/١
پسپۆری وشارەزایی: **سەربازی و مێژوو**
**پەیوەندی/کۆمەڵایەتی/سەربازی**
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٤٨٦٢

**سەرۆکی لیژنە**



ناو: **عوسمان كريم سواره حمد سيَدەری**
لەدایکبوون: ١٩٦٦
پسپۆری وشارەزایی: سەربازی
ڕێکخراوەیی/ کۆمەڵایەتی
مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٣٢٤٧٤

**جێگری سەرۆکی لیژنە**



**ناو: رزگار حمد محمود نەگرەیی**
**لەدایکبوون: 10/1/1975**
پسپۆری وشارەزایی: کۆمەڵایەتی و **سەربازی**
مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٦٨٣٨٨

**بڕیاردەری لیژنە**



ناو: **ابو بكر عمر عبدالله هەڵدنی**
لەدایکبوون: ١٩٧٠/٧/١
**پسپۆری وشارەزایی:** بەکالۆریۆس یاسا
مۆبایل: ٠٧٥٠١٢٢٣٤٨٢ / ٠٧٧٠١٥٠٠٥٨٨

**ئەندامی لیژنە**



ناو: **بایبر کامەلا**
لەدایکبوون: ١٩٦٥
پسپۆری وشارەزایی: سیاسەت و پەیوەندییەکان
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٨٠٥٧٩

**ئەندامی لیژنە**



ناو: **جمال حويَز مصطفى هەروتی** :
لەدایکبوون: ١٩٥٦
پسپۆری وشارەزای :لیوای خانەنشین / کۆمەڵایەتی
مۆبایل: ٠٧٥٠١١٤٤٧١٧٥ ـ ٠٧٧٠١٥٢٨٧١٠

**ئەندامی لیژنە**



ناو: **سعيد مصطفى هەركی**
لەدایکبوون:١٩٧٢
پسپۆری وشارەزایی:کارگێری کار ویاسا
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٧٢٦١

**ئەندامی لیژنە**



ناو: **حكمت محمد عبو زيد**
لەدایکبوون: دهوك ١٩٦٩/٧/١
پسپۆری وشارەزایی: لەشکری(عەسکەری)
وپەیوەندی
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٦١٠٥٣

**ئەندامی لیژنە**



ناو: **سەروان محمد علی حاجی هەركی**
شوێن و مێژووی لەدایکبوون: ١٩٨١
پسپۆری وشارەزایی : یاسای پەیوەندیە
نێودەوڵەتیەکان/ **بواری سەربازی**
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٩٣٩٩٧

**ئەندامی لیژنە**



ناو: بالانبۆ محمد علی کۆکۆیی
شوێن ومێژووی لەدایکبوون: ١٩٧٢
پسپۆری وشارەزایی : سەربازی/ یاسایی
مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٥٧٣٥٠

**ئەندامی لیژنە**



ناو: د.**وەعدی سلیمان علی**
لەدایکبوون: ١٩٧٠
پسپۆری وشارەزایی:بواری یاسایی
مۆبایل: ٠٧٥١٨٠٧٨٤٤٢

**ڕاوێژکاری لیژنە**



**ناو: بژار خالد عزيز**
لەدایکبوون:١٩٨٨
پسپۆری وشارەزایی: یاسا ـ دەستوور
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٠٩٥٧

**ئەندامی لیژنە**



ناو: اسكندر غريب سلێمان چاربوتی
لەدایکبوون: ١٩٨٥
پسپۆری وشارەزایی : **کۆمەڵناسی یاسا**
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٧٤٩١١٠

**سکرتێری لیژنە**



**ناو: سەردار حسين صوفی**
لەدایکبوون: ١٩٧٥
پسپۆری وشارەزایی: **مێژوو**
مۆبایل: ٠٧٧٠٨٦٢١٦٥٤

**ڕاوێژکاری لیژنە**



**Peshmerge Committee members**

**Kurdistan Parliament-Iraq**

